# ست ژیان..!

خالیدسەعید
khalikoiey@hotmail.com

**ڕەبی مووی لێ بێ زمانی پەنجەکانی هەڵوەرێ**
**هەر کەسێ گوڵخەن بەدەردی گوڵشەن بەرێ**

حەمدی

گەر بێت و بەشێوەیەکی زانستیانە لەڕووی سایکۆلۆژیەوە لەبنج و بناوانەکانی پەروەردە بدوێین، وەهەروەها چۆنێتی فێرکردن و چۆنێتی مامەڵەکردن و هەڵسوکەوت کردنیش لەتەك جگەرگۆشەکانمانا لەقوتابخانەکانا، ئەوا بێ گومان زۆر زۆری دەوێت و بەدوو ووتارو سێ ووتار کۆتایی پێ نایەت، وەئەگەر بێت و دەممان لەدەمی پەروەردکاران گیربێت ئەوا گومانمان نابێت لەوەی هەریەك لەپەروەردکاران (لەستەکان و مامۆستاکان) هەریەك بەشێوەیەك لەشێوەکان بۆت تاووتوێ دەکات و هەر مەپرسە، هەرچی پرنسیپە زانستیەکانی پەروەردە هەیە بەشێوەیەکی مەکتەبی و ئەکادیمی لەپی دەستیت بۆ دەکاتە سینیەکی زێڕین و ڕاست و دروست بەو شێوەیەی کەتۆ لەدڵتایەو مەبەستتە بەوچەشنە بەرگوزاری دەکات و بەزیادیشەوە بۆت باس دەکات، بگرە گەر بێت و ئاگات لەخۆت نەبێت قەرزاربارێشت دەکات و تۆمەتی کەم ئەزمونی و کاڵ فامیشت دەخاتەپاڵ.

ئەمە بەمەرجێ ئەو پەروەردکارە سایکۆلۆجیەن ساغ بێت و پێویستی بەهیچ پەروەردەکردنێکی سایکۆلۆجی نەبێت، ئەمما ئەو (ستانەی کەوەك ست ژیانن) تەنها بەسەرزارەکی لێرەولەوێ خۆیان بەپسپۆری پەروەردەیی دەزانن لەمەیدان و گۆڕەپانەکەدا، لێ لەبنەڕەتتدا ساف و زبر لەیەك جیاناکەنەوەو هەموو حوێندکارێك بەدوژمن و باوەکوشتەی خۆیان دەزانن، وەهەمیشە لەهەوڵ و کۆشش و تەقەلای ئەوەدان خوێندکارەکانیان بخەنە ژێر چاودێری موخابەراتی نەگریسانەی دەرونی کەڕوواوییان کە زۆر دوورە لەسیستەمی ئادابی کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەوە، وەدەست تێوەردانی مودیرەیەکی وەك (ست ژیان) لەژیانی خودی و تایبەتی خوێندکارێك یان خوێندکارانا بەمەرجێکیش بەهیچ شێوەو کلۆجێك ئەرك و فەرمانەکانی قوتابخانەیان پشت گوێ نەخستبێ تاوانێکی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی گەورەیە.

ئەم کورتە سەرەتایەم بەشێوەیەکی گشتی یە بۆ ئەوەی بەتایبەتی لەسەر سایکۆلۆجیەتی (ست ژیان) بدوێین ئەو (ست ژیانەی) کەپێویستی بەوە هەیە ژیانی فێربکەیت و بیکەیت بەئینسانێکی ساناو فێری مانای ژیان و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی بکەیت، ئەو(ست ژیانەی) کەپێویستی بەوەهەیە وانەی قودسیەتی مرۆڤ و قودسیەتی خۆشەویستی فێربکەیت ئەو(ست ژیانەی)پێویستە هەموو ڕۆژێ بەستەکانی بڵێت، تکایە کەچونە پۆلەوە، پێش ئەوەی دەست بەوانە بکەن کەمێك باسی (ئیرۆس*) بۆ خوێندکارەکان بکەن، تکایە هەموو ڕۆژێکیش پێش وانە ووتنەوە بەخوێندکارەکان بڵێن دەستنوێژ بەخۆشەویستی بگرن و عیشق بکەنە قیبلە.

(ست ژیان)...! ئەو(ست ژیانەی) کەبەداخەوە ناوی ژیانە..!چوارساڵی ڕەبەقی لە زانکۆدا لەنێوان کورو کچانا چۆن بەسەربردوە، ئەو(ست ژیانەی) سەرەڕای سەروپۆتەڵاکی دڵ و دەرونیشی محەجەبە کردوە، ئەو(ست ژیانەی) بۆنکروزی جەستەی (ئیمان) مەحاڵە گرێ دەرونێکانی سرەوت پێ بدات و سارێژی بکات.

(ست ژیان) ڕەبی مووی لێ بێ زمانت پەنجەکانت هەڵوەرێ..چونکە(ئیمان)ت بەدەردی گوڵشەن برد.. بەرقەراریش بێت فێمینیستە ڕاوێژکارەکەی سەرۆك وەزیران.

---

*سکاڵا ووتارێکی خاتوو تاڤگە سابیر لەمەڕ (ست ژیانی) بەڕێوەبەری ناوەندی هەڵاڵەی کچان لەهەولێر، بوو بەهەوێنی ئەم کورتە ووتارە.

*ئیرۆس:خواوەندی خۆشەویستی.